# تەنها کەناڵە کوردیەکان باس لە فیدراڵی دەکەن لە کەناڵە عەرەبیەکانی عێراق بە یەك ووشەش فیدراڵی بڤەیە



فەرەیدون  حەمەڕەشید       سویسرا
september2004
Faraidun_73@hotmail.com

سیستەمی  فیدراڵی  بۆ کورد بە پێی ئەو ماڵوێرانی و مێژووە پڕ تراژیدیایەی قوربانی بۆ داوە شتێك نیە کە مایەی ڕەزامەندی و شاگەشکە بوونی خۆشی بێت بۆ هەرتاکێکی کورد ..

سەرەڕی ئەوەی گوومان و ڕەشبین یەکی  زۆر هەیە لەجۆری سیستەم و شێوە یی  فیدراڵیە کە .یەك لایەنە کورد بەتاییەت لە  مێدیاکانی ڕاگەیاندن یە وە .بە بەرز ترین شێوەی سیستەمە کانی فیدراڵی ناودەبات و خەونە لەمێژینە کان  بە ئازادی و ڕزگار یە وە لەم سیستەمە وە وێنا دەکەن.  بێگومان یش سیستەمی فیدراڵی لەهەر کۆمەڵگا یەك  دا ئەگەر  مارەسە و بڕوا بوون هەبێت بەدیموکراسی و عەقڵی نەتەوە چێتی خرابێتە کەنار .باشترین سیستەمە بۆ پێکەوە ژیانی نەتەوە وپێك هاتە جیاوازە کان کە لە چوار چێوەی  یەك سنور وپێگە ی جیو گرافیا یی دا دەژین . ئەوە ی ئەمە وێت بیڵێم خۆش خەیاڵیەکان  یەك لایە نەیە بەم جۆرە فیدراڵیەی ئومێد و خەونە کانی خەڵکی کوردستانی پێوە بەستراوە تەوە .لە کەناڵە کوردیە کانەوە { کوردسات  و کوردستان  تیڤی  }بەردەوام گوێبیستی چەند ووشەو دەستەواژە ئەبین  .بە نمونە عێراقی فیدراڵ ,سەرۆك وەزیرانی عێراقی فیدراڵ  سەرۆك کۆماری عێراقی فیدراڵ ,,وەزیری حکومەتی فیدراڵ ..تا.. خورما  و گوێز ی فیدراڵ یش.. بەڵام سەرەڕای ڕازی نەبوون و مل نەدانی هێز و بزووتنەوە سیاسیە  عەرەبیەکان بەو جۆر و فۆرمە لەو فیدراڵی  یە ی کورد یەك لایەنە شایی و لاوخانی بۆ دەکات تا ئێستاش  بە یەك  ووشە و دەستەواژە ش  .لە کەناڵە کانی ڕاگەیاندنی  ناوەند لە بەغدا ئاماژە بە سیستەمی فیدراڵ و عێراقی فیدراڵ نادرێت . بە نمونە ئەلشەرقیە ی ئاسمانی  .لە هەواڵەکان و تەواوی ئەو گەڕان وسەردانانەی ئەیاد عەلاوی و غازی ئەلیاوەر وەك دۆنێ بۆ وولاتانی ناوچەکە وجیهان دەیکەن بە یەك ووشەش باس لە سەرۆك ی فیدراڵ و وەزیری فیدراڵ و عێراقی  فیدراڵ ئاماژە نادەن . ئەگەر بێژەرە کەش بە هەڵە یەکی زمانەوانی.. ووشە و زاراوەی فیدراڵ بدرکێنێ دوور نیە نەیدەنە دادگای ئاسایشی نەتەوەییان .  دەهۆڵ لێدانیش بۆ فیدراڵی ئەگەر تەنها لەلایەن کوردەوە بێت لە دەست دانی کات وهەلە زێڕینە کانە بە قازانجی ناسونالیزمی عەرەب ......